# حوکمی دیاری کردنی نرخی کەلوپەل وکاڵا لەلایەن حکومەتەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حكم التسعير من قبل الحكومات

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# حوكمی دیاری كردنی نرخی كەلوپەل وكاڵا لەلایەن حكومەتەوە

پرسیار : ئایا دیاری كردنی نرخی شتومەك لەبازاڕدا لەلایەن حكومەتەوە كارێكی دروستە ؟

وەڵام : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

( التسعیر ) واتە دیاری كرنی نرخی كەلوپەل وكاڵاكانی بازاڕ بەنرخێكی دیاریكراو لە لایەن حكومەتەوە، بەشێوەیەك خاوەنی ئەو كەلوپەل وكاڵایانە نەتوانن لەو نرخە زیاتری بفرۆشن بە كڕیارەكانیان .

لەبارەی نرخ دیاری كردنەوە زانایانی فەرموودە ناس ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت كردووە : عن أنس قال : غلا السعر على عهد النبي صلى الله عليه وسلم فقالوا : يا رسول الله سعر لنا فقال النبي (صلى الله عليه وسلم) : « إن الله هو المسعر القابض الباسط الرازق وإني لأرجو أن ألقى ربي وليس

أحد منكم يطلبني بمظلة بدم ولا مال » [ رواه الترمذي وأبو داود وابن ماجه والدارمي ] .

واته : ئەنەسی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێت) ئەگێڕێتەوە و دەڵێت : لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صلى الله عليه وسلم) نرخي شتومەك گران بوو (لەبازاڕدا) ووتیان : ئەی پێغەمبەری خوا نرخی شتەکانمان بۆ دیاری بکە، پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : بێگومان هەر خوای گەورە نرخی شتەکان دیاری دەکات، هەر ئەویش ڕزق وڕۆزی دەگرێتەوە وهەر ئەویش دەیبەخشێت، ئومێدی ئەوە دەکەم کە بگەمەوە بەخوای گەورە وهیچ کەسێك لەئێوە داوایەکی لەسەرم نەبێت نە بەخوێن و نە بەماڵ .

زانایانی شەرعناس لەم بارەیەوە ڕایان جیاوازە، سەبارەت بەوەی ئایا دیارکردنی نرخی کەلوپەل وکاڵا لەبازاڕدا لەلایەن حوکمەتەوە دروستە یان دروست نییە، ڕای ڕاست و دروستیش

لەم بارەیەوە ئەوەیە، ئەصڵ لەم مەسئەلەیەدا ئەوەیە دیاری کردنی نرخی کەلوپەل وشتومەك لەبازاڕدا حەرامە ودروست نییە حکومەت دەست بخاتە شتێکەوە کە کاری خوای گەورەیە، بەڵام بەدوو مەرج دروستە حکومەت نرخی شتومەك وکاڵاکان دیاری بکات بەنرخێکی عادیلانە :

**مەرجی یەکەم :** ئەگەر هاتوو دیارکردنی نرخ پەیوەست بوو بەو شتانەی کە حاجەت وپێداویستی ڕۆژانەی خەڵکن، وەك ئەو کەلوپەلانەی بە قوتی خەڵك ناسراوە لای زانایان، وەك ئارد و برنج وڕۆن وشەکر وگەنم و جۆ وهەندێك شتی تر، کە لەزاراوەی زانایاندا بە قوت و پێداویستی سەرەکی ژیانی خەڵك ناسراون، ئەمەش بۆ ئەوەی بازرگانەکان بە ئارەزووی خۆیان نرخی ئەو کەلوپەلانە زیاد وکەم نەکەن، چونکە ئەمن وئاسایشی خۆراکی خەڵك و دانیشتوان دەخاتە مەترسیەوە، چونکە ئەگەر هاتوو نرخی ئەم کەلوپەلانە جێگیربوون لە بازاڕدا ئەوا بێگومان کاریگەری باشی دەبێت لەسەر جێگیری

ژیانی خەڵکیش، بەپێچەوانەشەوە ناجێگیری دروست دەکات لەبازاڕدا، ئەوەش پەیوەندی هەیە بۆ سەر مەترسی لەسەر لەق بوونی دەسەڵاتی سیاسی لەووڵاتدا .

**مەرجی دووەم :** ئەگەر هاتوو گران بوونی نرخی شت لەبازاڕدا پەیوەندی نەبوو بە کەمی ئەو کاڵایە لەبازاڕەکاندا، یان زۆربوونی داواکاری لەلایەن هاوڵاتیانەوە، چونکە ئەگەر هاتوو گرانی پەیوەندی هەبوو بە کەمی ئەو کاڵایە، یان گرانی پەیوەندی هەبوو لەسەر زۆری داخوازی خەڵکی بۆ ئەو کاڵایە، ئەو کاتە دروست نییە حکومەت نرخ دیاری بکات، چونکە بەرز بوونەوەی نرخ لەو کاتەدا دەستی بازرگانەکانی بازاڕی تێدا نییە، بەڵکو پەیوەیستە بە (معادلة العرض والطلب) بۆیە هەرکاتێك شت لەبازاڕدا داخوازی خەڵکی لەسەر کەم بوو خۆی بەشێوەیەکی ئاسایی هەرزان دەبێت، خۆ ئەگەر داخوازی خەڵکیشی لەسەر زیاد بوو، ئەوا گران دەبێت، چونکە ئەو ژمارەیەی لەبازاڕدا هەیە بەشی داخوازی خەڵکی ناکات،

فەرموودەکەی پێغەمبەری خواش (صلی الله علیه وسلم) پەیوەستە بەم حاڵەتەوە، مەبەستم ئەوەیە ئەو کاتەی نرخی کاڵاکان لەبازاڕدا گران بوو، دەستی بازرگانەکانی تێدا نەبووە، بۆیە پێغەمبەی خوا (صلی الله علیه وسلم) ئامادە نەبووە نرخی کەلوپەلەکان دیاری بکات لەبازاڕدا .

جا بۆیە ئەگەر هاتوو فرۆشیار وبازرگانەکان ڕێکەوت لەسەر بەرزکردنەوەی نرخی ئەو کەلوپەل وکاڵایانەی کە پێداویستی سەرەکی خەڵکن، وەك : گەنم و جۆ وئارد وبرنج وڕۆن وشەکر ونان... ئەوە لەم کاتەدا واجبە لەسەر حکومەت ڕێگریان لێ بکات ودەست بخاتە نرخی بازاڕەوە و نرخی هەموو ئەو شتانە دیاری بکات بۆ ئەوەی نەبێتە مەترسی بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیان، بەڵام دەبێت دیارکردنی نرخیش بەدیارکردنێکی عادیلانە بێت، بە جۆرێك نەبێت کە ستەمکردنی پێوە دیار بێت بۆ بازرگانەکان .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو کاڵایانە پەیوەست نەبوو بە ژیانی سەرەکی هەموو هاوڵاتیانەوە، وەك ئەوەی ئەگەر نرخ بەرز بێت یان نزم بێت هیچ کاریگەریەکی نەدەکرد لەسەر ژیانی خەڵکی، ئەوە دروست نییە حکومەت نرخ دیاری بکات .

مەسئەلەیەکی تر لەم سەردەمەی خۆماندا سەری هەڵداوە، ئەویش ئەوەیە، کۆمەڵێك کۆمپانیا بەرهەمی کارگەیەك بۆ خۆیان قۆرخ دەکەن بەناوی ( الوكيل الحصري) وناهیڵێن بازرگانەکانی تر ئەو کەلوپەل وکاڵایە لەو کارگەیە بکڕن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو بازرگانەی کە وەکالەتەکەی لەو کارگەیە وەرگرتووە بەناوی ( الوكيل الحصري) و بە ئارەزووی خۆی نرخ دیاری بکات، خەڵکیش لەم کاتەدا ناچارن بیکڕن چونکە پێویستیانە ولای کەسی تریش دەست ناکەوێت، بۆیە لەم کاتەیشدا حکومەت دەبێت نرخی ئەو کەلوپەل وکاڵایانە دیاری بکات کە ئەو (وەکیلە حەصری) انە دەیفرۆشن بەخەڵکی بەنرخێکی عادیلانە وبەبێ ئەوەی زوڵمیش لە

بازرگانکان بکات، بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان پێویست بوونی خەڵکی بەهەل نەگرن وبەئارەزووی خۆیان وچۆنیان بوێت بەو شێوەی بفرۆشن .

وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه وسلم

خوای گەورە زانا وشارەزاترە .